

ئاسۆ بیارەیی
2005-12-2

# دەردە ڕشانەوەی قەڵەم

من شانازی بە هەموو نووسەرێک دەکەم کە قەڵەمەکەی لە پێناوی گەلەکەیدا تەرخان کردوە، کە خەلاتیکیش وەردەگریت، شاد دەبم. من کارم بە پارتییەکانی کوردستانی باشور نییە کە چۆن نووسەرەکانی کورد هەڵدەسەنگێنن.
ڕێزگرتنی دەزگای ئاراس لە هەولێر لەو کۆمەڵە نووسەرە و خەلاتکردنیان، نەک کارێکی پیرۆزە، بەڵکو هاندانێکە بۆ نووسەرانی تر.

هیوادارم لە داهاتوشدا ببێتە نەریتێک و نووسەرانی تریش هاوکاری بکرێن و بە چاوی ڕێزەوە تەماشای بەرهەمەکانیان بکرێ، چونکە نووسەرانی کورد هیچیان لە نووسەرانی ولاتانی دی کەمتر نییە.
من لەو کەسانە دەپرسم، سوکایەتی کردن بەو نووسەرانەی کە خەلاتیان وەرگرتوە، لە سودی کێدایە؟ نووسەرگەلێک کە هەردەم لە پێشەوەی خەباتی گەلەکەیان بوون. بۆ دەبێ بە ناو و ناتۆرەی ناشرین، لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا، بە سیخور و پارە پەرست، بێ توانا بناسرێن.

ئەوانەی دەزگای ئاراس، بە دەزگایەکی سیخور دەزانن، نەک پێیان ناخۆشە کورد خاوەنی خۆی هەبێ، بەڵکو بۆشیان بکرێ، دەبنەوە ئاگرە سورەی بەر لەشکر و وشەکانیان دەکەنە شمشیری ئەنفال. هەندێ لەو قەڵەمە نەخۆشانەی کەتوشی دەردە ڕشانەوە بوون، چاویان بەرایی نایێت کە کەسانێکی ڕاستگۆ و شۆرشگیر خەلاتێک وەربگرن. ئەگینا ئەوانەی کە خەلاتەکەیان وەرگرتوە کوا چاوەڕێی پارە و سەرمایەن!

ئەم قەڵەمەی ناو ئەم سایتە ئاوا دەڕشێتەوە*:
پیرۆزبایی نامەیەك


Kurdistanpost سایتێکی سەربەخۆ و بێلایەنە کوردستانپۆست
لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم : لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەمرۆژە مێژووییەم دەکرد تا وێنەکەی جەنابت لە تەنیشت سەری سەرە تیرۆریستیەکانی سەری رەشەوە ببینم ! بۆیە لەم بۆنـە پـیرۆزەداو لـەم دوایین رۆژەی ساڵی 2004دا پێتدەڵێم پیرۆزە خەلاتی زەردی سیخوریت .. پـیرۆزە سـەرکەوتنت بەسـەر دادگـاو قازییـەکانی هـەولێر و یاسـادا !.. پـیرۆزە وێنـەگرتنت لـە تـەنیش کۆمـەڵێک پاشەڵپیسەوە ، بە خەلات ومەدالیای زێرینی 31 ئابەوە .
تامیرسالح شەریف

زۆر لام سەیرە کە وشەی سیخور و بوختانی تەرۆریست دەدرێتە پاڵ کەسانێکەوە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەکارێکی واوە خەریک نەبوون. بوختانی وا مەگەر لەوانە بوەشێتەوە کە تەنها بە سۆن بۆ دیتنەوەی سەرکردە فاشستەکەیان ،سەدام، ئەوانەی کە بە بێ شەرم بە شان باڵای باوکی ئەنفالیان هەڵ دەدا، ئەوانەی کە پێنوسەکانیان کردبووە سەرەنێزە و هۆنراوەی ڤینێکی ڕەشیان دژی گەلەکەیان دەهۆنییەوە.

سایتی کوردستاننێت، یەکێکە لەو سایتانە، کە لە سەرەتای دروست بوونییەوە، بێ وچان لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی وشەی کوردی و چەسپاندنی گیانی ئازادی نووسین کاری کردوە، گەورەترین گۆڕەپانی نووسینی بۆ هەموو نووسەران و خەڵکانی کوردپەروەر لە سەر تۆری ئینتەرنێت دامەزراندووە.

دیسان هەزار بارە دەیڵێمەوە، هەرگیز شەرم نییە ئەگەر پیاو ئەندامی یەکێ لەم پارتییانە بێت، ینک، پدک،حشک،پاسۆک،یەکگرتوو و هەرپارتێکی تری کوردستان کە دژی داگیرکەربێت، شەرم ئەوەیە کە پیاو سیخوڕ و بەعسی بوبێت و لە سەر خوێنی گەلەکەی مشەخۆر بووبێت.